# ئەوەی قوربانیەکی هەبوو بۆ سەربڕین؛ ئەگەر مانگی (ذي الحجة) دەرکەوت، ئەوا دەبێت هیچ موویەکی لە خۆی نەکاتەوە وهیچ نینۆکێک نەبڕێت هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات

لە دایکی سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی قوربانیەکی هەبوو بۆ سەربڕین؛ ئەگەر مانگی (ذي الحجة) دەرکەوت، ئەوا دەبێت هیچ موویەکی لە خۆی نەکاتەوە وهیچ نینۆکێک نەبڕێت هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

دایکی سەلەمەوە (ئوم سەلەمەوە) -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ئەو کەسەی کە دەیەوێت قوربانی بکات هیچ موویەک لە خۆی بکاتەوە یان ونینۆکی ببڕێت هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات. ئەگەر یەکەم ڕۆژی مانگی (ذي الحج) هات و ویستت قوربانیەک بکات بەناوی خۆتەوە یان بەناوی یەکێکی ترەوە ئەوا نابێت هیچ موویەک لە لاشە بکرێتەوە ئینجا مووی بن باڵ یان بەر یان سمێڵ یان قژ بێت هەتا قوربانیەکە دەکات، وهەروەها نابێت هیچ نینۆکێک ببڕێت -نینۆکی پێ یان نینۆکی دەست- هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات. وله گێڕانەوەیەکی (مسلم)دا: «فلا يَمَسَّ من شعره وبَشَرِه شيئًا» واتە: «نابێت هیچ شتێک لەسەر مووەکانی یان پێستی لابدات»، واتا هیچ شتێک لە لاشەی لانەدات هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات وئەمیش وەکو ڕێزگرتنێک بۆ ئەم مەراسیمە مەزنە کە قوربانیکردنە لە پێناو خوای گەورە ودەربڕینی بەندایەتی وملکەچی وزەلیلی حاڵە بۆ پەروەردگار، وبۆ ئەوەی ئەوانەی حەج وعومرە ناکەن ڕێز لە مووەکانیان بگرن هەروەکو ئەوانەی حەج وعومرە دەکەن چونکە ئەگەر مرۆڤ حەج وعومرە بکات ئەوا نابێت قژی بتاشێت هەتا قوربانیەکە دەکات، بۆیە خوای گەورە -عز وجل- دەیەوێت ئەو بەندانەی کە حەج وعومرەیان نەکردووە بەشدار بن لە هەندێک لە مەراسیمەکانی ئەم پەرستنە مەزنە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8954